# ئەی پێغەمبەری خودا، پێمان وایە جیهاد باشترین کردەوەیە، ئایا جیهاد بکەین؟ فەرمووی: «نەخێر، بەڵام باشترین جیهاد: [حەجێکی مەبرورە [حەجێکی تەواو وبێ تاوان وڕیای بازی

لە عائیشەوە (دایکی ئیمانداران) -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێـت: ووتم: ئەی پێغەمبەری خودا، پێمان وایە جیهاد باشترین کردەوەیە، ئایا جیهاد بکەین؟ فەرمووی: «نەخێر، بەڵام باشترین جیهاد: حەجێکی مەبرورە [حەجێکی تەواو وبێ تاوان وڕیای بازی]».

[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

هاوەڵان -ڕەزای خوایان لێبێت- پێیان وابوو کە جیهاد کردن لە پێناو الله وجەنگان دژی دوژمنان لە باشترین کردەوەکانە، بۆیە عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- پرسیاری کرد لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- سەبارەت بە جیهاد کردنی ئافرەتان؟ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕێنموێنی کردن بۆئەوەی باشترین جیهاد دەرهەق بە ئافرەتان بریتیە لە حەج کردنێك بەپێی قورئان وسونەت بێت وتاوان وڕیای تێدا نەبێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/2759